خەڵاتی مامڵە پێشکێش بە عەلی ئەکبەر موورادی دەکرێت

لەپای ئەو خزمەتە بەرچاوەی بە هونەر و میوزیکی کوردی کردووە، خەڵاتی مامڵە بە ساڵی 2025 پێشکێش بە هونەرمەند و میوزیسیانی کورد، عەلی ئەکبەر موورادی دەکرێت.

ناوەندی مامڵە لە پێگەی فۆرمی تایبەتی خۆی بەاویکردەوە و رایگەیاند،" لە درێژەی چالاکیی ساڵانەی ناوەندی مامڵە بە دەستنیشانکردنی هونەرمەندی ساڵ، بەیار درا کە خەڵاتی ساڵانەی مامڵە بە ساڵی 2025 پێشکێش بە هونەرمەند عەلی ئەکبەر موورادی بکرێت."

ڕووسمی بەخشینی خەڵاتی مامڵە ماوەی 16 ساڵە لەلایەن ناوەندی مامڵەوە بەوودەبرێت و ساڵانە بە هونەرمەندێک، یاخود گرووپێکی میوزیک دەبەخشرێت، کە جەدەستی لە هونەر و میوزیکی کوردیدا دیار بێت.

لە ساڵانی رابردوودا لەسەر ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستان ئەم خەڵاتە پێشکێش بە چەند هونەرمەند

و گرووپێکی میوزیکی کوردی کراوە، لێوانە، "شڤان پێروەر، مەزهەر خالقی، تیپی مۆسیقای سلێمانی، عەباس کەمەندی، دەشاد سەعید، ناسۆ ڕەزازی، قالە مەڵە، ئەندەریاس ئیسرائیل خەمۆ و چەند هونەرمەندێکی تر."